# نامەی
# ئەکرەمی حەپسە
# بۆ
# مستەفا چاوڕەش

حەمەسەعید حەسەن
2003. 09. 21

مانگێک بەر لە ئێستا نووسیبووم: (ئەکرەمی حەپسە وەک کوردستانی نوێ < ل ٤ ڕۆژی ٢٠٠٣/٨/٢١> بانگەشەی بۆ کردووە، سەر بە ینک نەبووە،) کەچی کۆلکە ڕۆژنامەوانێک کە نیازم نییە، ئەو سەروەرییەی پێ ببەخشم، ناوی بخەمە ڕستەوە، گومانی سەبارەت بەو بۆچوونەی من نیشان دابوو!

من وەک ڕاهاتووم ڕێزی خوێنەر و قەڵەمی خۆم دەگرم و بێ بەڵگە ناپەیڤم. ئەکرەمی حەپسە لەو نامەیەیدا کە چەند سەعاتێک پێش ئەوەی لە سێدارە بدرێت، لە زیندانی موسڵەوە بۆ مستەفا چاوڕەشی دەنێرێت و لەبەر دەستی مندایە، دەنووسێت:

(چاوەکەم مستۆ گیان.

ئەمشەو دوا هەناسەمان لە پەتدا دەخنکێنن. ئەو مردنەی کە هەرگیز لە ژیانمدا چاوەڕوانم نەکردووە، خنکاندن بوو. ئاواتم ئەوە بوو، چەکم بە دەستەوە بووایە، بکوژرامایە.

چاوەکەم: وا نەزانی من لەم دواییەدا هەر خەریکی کاسبی بووم و وازم لە تێکۆشان هێنا بوو. نەخێر من هەر لەو ڕۆژەوەی وازم لە قیادە مەرکەزی هێنا، هەمیشە پەیوەندی و جووڵانەوەم هەبووە و بڕوایەکی بێ پایانم بە تێکۆشان لە پێناوی دروستکردنی پارتیی مارکسیست لێنینیستی ڕاستەقینەدا هەبووە و بێ گومانیشم ئەو پارتییە مەزنە هەر دروست دەبێت و هەر ئەو پارتییەشە سەرکردایەتی تێکۆشانی جەماوەری گەل دەکات، بۆ هەستان بە شۆڕشی پرۆلیتاریا لە عێراقدا.

برام: من نە بڕوام بە یەکێتی نیشتمانی هەیە و نە بڕوام بەو حەرەکەیە هەیە کە ئێستا ئێوە لە پێناویدا خۆتان بە کوشت دەدەن. تەنیا ڕێگایە شایانی قوربانیدان بێت، ڕێگای مارکسیزم لێنینیزمە. ئەوەش بزانە من تۆڵەسەندنەوەی شەخسی بە شتێکی عەشایەرانە دەزانم و بڕوام پێی نییە.

تێر تێر چاوەکانت ماچ دەکەم و ئامانەتی تۆ و ماجید.

برات

ئەکرەمی حەپسە

موسڵ

شەوی ١٠/١١ی ١٢/١٩٨٠)